خانزادی سۆران




کۆکردنەوە و نووسین : مەلا ئاوارە بە هاوکاری پشکۆ کەریمی و چالاک موحەممەدی

خانزادە خاتوونی سۆران کچی شاقولی بەگ خوشکی میر سولەیمان بەگی میری سۆران بوو، بەپێی شەرەفنامەی مام هەژار خانزاد خان دەبێتە کچی میر سولەیمان بەگ.

خانزاد"ی میری سۆران یەکێکە لە ژنە ناسراوەکانی دیرۆکی نەتەوەکەمان، وەلێ تا ئێستاش بەرروونی لەسەر ژیان و کارەکانی ئەم ژنە سەرکردەیەی کورد لێکۆڵینەوە نەکراوە و نەنووسراوە.

خانزادی سۆران لە ناوەڕاستی سەدەی ١٥ و هەر لە کۆتایی هەمان سەدە کۆچی دوایی کردووە لە دوای ٧ ساڵ دەسەڵات بە دەست گرتن.

ئەوەی هەیە لەچەند نامیلکە و وتارێکدا باس لە هەندێک لایەنی ژیانی خانزاد کراوە و لە کەلێنی چەند پەرتووکێکیشدا ناوی خانزاد تێپەڕیوە، کە هەموو ئەو پەرتووکانە و ئەو وتارانەی لەسەر خانزاد نووسراون.

هەروەها تا ئێستا چەند شانۆگەریەکیش لەسەر ژیانی خانزاد نمایشکراوە، جگە لەوەی لەچەند بەیت و هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوی خانزاد تێپەڕیوە. ژیان و تێکۆشانی خانزادە خانی میری سۆران کە تا ئەمڕۆش قەڵا و شوێنەوارەکانی لە کوردستان ماون، . دوای ئەوەی میر سولەیمان بەگی برای خانزاد لە ساڵی ١٥٩٠ بە پیلانێکی سەرفەرماندار لەشکری لە ڕێگای بەغدا لەنێو بردراوە، خانزاد بۆ خۆی فەرمانڕەوایەتی میرنشنی سۆرانی وەئەستۆ گرتووە و کاروباری میرنشینەکەی ڕاپەڕاندووە.

خانزادە خان لەماوەی حەوت ساڵی دەسەڵاتیدا تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٥٩٧ دا چەندین قەڵا و خوێندگا و مزگەوت لەسەر فەرمان و بڕیاری ئەو دروستکراون، کە تا ئێستاش شوێنەواری بەشێکیان ماون؛ دیارترینیان گەلی خانزاد، کۆنە دیوار و وێنەکەی چیای هەریر، قوڵغە سوپاییەکان لە ناوچەی هەریر و قەڵای خانزادە لەنێوان پیرمام و شاری هەولێردا. ژیان و بەسەرهاتی خانزادی سۆران ئەفسانە نییە، بەڵکو ڕاستییەکی مێژووە، وەلێ گێڕاندنەوەی دیرۆك بەرامبەر بەو ژنە سەرکردەیەی کورد تا ئەمڕۆ زۆر

گۆڕانکاری بەسەر لایەنەکانی ژیانیدا هێناوە. دەگێڕنەوە و دەڵێن: "پاش ئەوەی کە 'لەشکری' دەتوانێ میر سولەیمان لەناو ببات لەگەڵ سوپای سۆران بەرەو هەولێر دەگەڕێنەوە. چەند کەسێك هەواڵی پیلان و کردەوەکەی لەشکری دژ بە میر سولەیمان بەگ بە خانزاد دەگەیەنن! بۆیە لەشکری لە ترسی خانزاد و خەڵکی هەریر ناگەڕێتەوە بۆ هەریر و لەگەڵ داروودەستە تایبەتیەکەی خۆی بەرەو شەنگاڵ سەرهەڵدەگرێ و دەڕوا.

وەلێ تامەزرۆی تۆڵەکردنەوە ئارامی لە خاتوو خانزاد هەڵگرتووە، بۆیە بەهەر جۆرێک بێ هەوڵی ئەوەی داوە لەشکری بگەڕێنێتەوە هەریر تاکو تۆڵەی کوشتنی میر سولەیمان بەگی برای لێ بکاتەوە. وا دەردەکەوێ لەو کاتەدا خانزاد و سوپای سۆران توانای هێرشکردنیان نەبووە بۆسەر لەشکری و ناوچەی شەنگاڵ، بۆیە هەر وەکو دەگوترێت؛ خانزاد بانگی مەلای هەریر دەکات و نامەیەکی بۆ لەشکری پێ دەنووسێ و تێیدا دەڵێت: هەریر و سوپای سۆران بە بێ تۆ شپرزەیە و میرایەتی سۆران بە من ناکرێ، خۆت شیاوی ئەو مەنزڵەی بۆیە داوات لێدەکەم بەزووترین کات لەگەڵ گەیشتنی ئەم نامەیەم بەرەو هەریر بەڕێبکەوە و خۆزگەی رابردووشت جێبەجێ دەکەم، تا ئێستایش لەتۆم شیاوتر نەدۆزیوەتۆ ببێت بە هاوسەرم. کاتێ نامەی ناوبراو دەگاتە دەستی لەشکری، هەرچەندە داروودەستەکەی ئامۆژگاری دەکەن کە ئەم نامەیە فێڵە، بەڵام وشەی میرایەتی

سۆران و بوونە هاوسەر گیانی لەشکری بزواندووە، بۆیە دەستوبرد لەگەڵ سەد سوار چاکی خۆی بەرەو هەریر و ئەوینی خانزاد دەکەوێتە ڕێ

کاتێك کە هەواڵی نزیکبوونەوەی 'لەشکری' و دارودەستەکەی دەگاتە خانزاد، میر خانزاد دەست دەکات بەجێبەجێکردنی پیلانی تۆڵەکردنەوە. خانزاد بە خۆی و سەد پیاو ماقووڵ پێشوازی لە لەشکری دەکات و هەریەک لەو پیاو ماقووڵانە پێشی سوارێک لەو سوارانەی لەشکری دەگرێ و بەرەو ماڵی خۆیان دەبەنەوە.

خانزادیش پێشی ئەسپی لەشکری دەگرێ و بەدەم پێکەنینەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی لێدەکات و فەرمووی ماڵەوەی لێدەکات.

لەو کاتەی لەشکری و خانزاد بەجووتە دەچنە دیوەخانە گەورەی هەریر، خانزاد بەدوای مەلادا دەنێرێ و بە دەستووری ئایینی ئیسلام خۆی لێ مارە دەکات و فەرمان دەدات ژووری تایبەتی بۆ لەشکری برازێندرێتەوە. لەو کاتەی دیوەخانی گەورە چۆڵ دەبێ، لەشکری دەست بۆ خانزاد درێژ دەکات بە مەبەستی چوونە ژووری تایبەتی خۆیان، بەڵام خانزاد پێی دەڵێت: "ئەوە خۆزگەم جێبەجێ کردی، بەڵام لەبەر خەڵکی هەریر عەیبە، چونکە هەروەکو خۆت دەزانی تا ئێستایش تازیەبارم، هەر ئەمشەوەم ڕێگا بدە، بەیانی لەگەڵ دەستە خوشکانم دەچمە گەرماوە و جلی ڕەشم فڕێ دەدەم، شەوی دا دێت دەکەینە

جەژن و ئاگری دڵت بکوژێنەوە . لەگەڵ سپێدەی بەیان هەروەکوو باو بووە، خانزاد جلی سووری غەزەب لەبەر دەکا و بە پێی پیلانە دارێژراوەکە لەشکری قۆڵبەست دەکرێ و لەسەر چۆک بەرامبەر کورسی خاتوو خانزاد چۆک دەدا و هەریەك لەو سەد پیاوماقوڵانە سەری میوانەکانیان لە بەردەم خانزاد دا دەنێن! بەم شێوە لەشکری تێدەگات کە ئەمڕۆ بڕیاری ڕۆژی تۆڵەکردنەوەیە.

هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە میر خانزاد چووتە شەنگاڵ (سەنجار) و وا خۆی نیشان دەدا کە لە بەر ئەو پێشنیازە لەوێ نییە، بەڵام بۆ تۆڵەی کوشتنی براکەی لەشکری و هەموو پیاوەکانی لە ناو شارەکەی کوشت.

لەدوای دادگایی کردنێکی سەرسەری بەرامبەر بە خەڵکی هەریر لەشکری دەگاتە سزای تاوانەکەی خۆی.

میر خانزاد، خانمە ئازا و بوێرەکە، لە سەردەمی حوکمڕانیدا هەوڵی پاراستنی ئارامی و نیشتەجێبوون لە میرنشینەکانیدا دەدا.

خزمەتێکی باشی بە ئیماراتەکەی کردووە لە ساڵی ١٥٩٧ چەندین قەڵا و مزگەوت و قوتابخانەی دروستکرد و یارمەتی میرنشینەکانی دا بۆ گەشەکردنی زۆر.

خاتوون خانزاد ژنێکی بەتوانا و زیرەک بوو کە توانی حوکمڕانی بکات لە سەردەمێکدا کە هیچ ژنێکی تر لە مێژووی ئەم هەرێمەدا نەیتوانی هەمان کار بکات.

.

خانزاد سەرۆکی بزووتنەوەیەک بوو کە ئەو بیرۆکەیەی ڕەتکردەوە کە ژن ناتوانێت وڵاتێک سەرکردایەتی بکات و بپارێزێت.

ئەو سەلماندی کە ژن دەتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و ڕووبەڕووی هەموو جۆرە پیلان و فیتنەیک ببێتەوە کە ڕەنگە دوژمنەکەی بۆی هەڵبکات.

ئەم خانمە دانایە نەک هەر یارمەتی میرنشینەکانی دا بۆ گەیشتن بە گەشەی ئابووری، بەڵکو یارمەتی فراوانکردنی خاک و سنوورەکانی دا، چەند ناوچەیەکی ڕزگار کرد کە لە لایەن عوسمانییەکان و سەفەوییەکانەوە داگیرکرابوون.

لە مێژووی کورددا سۆران خانزاد تاکە ژنی ئازا نەبوو، بەڵکو ژنی نیشتمانپەروەری تریش هەبوون کە زۆر هاوکاری وڵاتەکەیان دەکرد.

خانزاد یەکێک بوو لە نموونە جوانەکانی مێژووی گەورەی کورد، کە هەموو کات شانازی بە حوکمڕانی خۆیەوە دەکرد، چونکە چەند سەدەیەک لەمەوبەر بە بێ ڕەچاوکردنی بنەما ئایینیەکان حوکمی ئەم وڵاتەی کرد.

ئەو بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لە ئەستۆ گرتبوو و حوکمڕانی میرنشینێکی دەکرد کاتێک ئەو جۆرە ژنانە، ئەو کاتە و تەنانەت ئەمڕۆش، ڕووبەڕووی بیرۆکەی ناڕوون دەبوونەوە. .

بەڵام میر خانزاد ئەو بەر پرسیارتییەی لە ئەستۆ گرت و چەندین سەدە لەمەوبەر ڕۆڵی گەورەی بینی، چونکە متمانەی بەخۆبوون و خۆبەگەورەزانینی هەبوو و هەستی دەکرد وڵاتەکەی پێویستی پێیەتی.

زۆر ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نیشتمانپەروەرانەی خۆی بینیوە و ناوی وەک ژنێکی بە شەرەف لە مێژووی نەتەوەکەیدا دەردەکەوێت.

هەندێکی دیکەی سەرچاوەکان ئاوا باس لە خانزادی سۆران ئەکەن :

خانزاد لەوپەڕی شایستەیی و ئازایەتییەوە قۆڵی بۆ هەڵدەماڵێت و بە خێرایی دەست دەکات بە گۆڕانکاری سەربازی و کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و

داپەروەریی کۆمەڵایەتی، لەو سونگەیەوە بۆ پاراستنی دەسەڵات و قەڵەمڕەویی سۆران لە مەترسی و هەڕەشەی دوژمنان لەوانە: مل نەدان بۆ دەسەڵاتی داگیرکەری سەفەوی و عوسمانی دەست دەکات بە دروستکردنی چەندین قەڵای گەورە و ستراتیژی و ئاوەدانکردنەوەی ڕێگا و بان و مزگەوت و دام و دەزگای میری و ڕێکخستنەوەی سوپا و جەماوەر و ئامادەکردنیان بۆ شەڕ و بەرنگاربوونەوەی دوژمنان، ناو و ناوبانگ و ئازایەتی و ژیری و شۆخ و شەنگی خانزاد نە تەنیا سەرنج و حەز و ئارەزووی پاشاکانی عوسمانی و سەفەوی بەلای خۆیدا ڕادەکێشیت بەڵکو جوانییەکەی گڕی لە دڵ و دەرونی فەرماندە سەربازییەکانی خۆیشی بەردا بوو؟ هەر ئەوەش وای لە سەرلەشکر «لەشکری» کردبوو پیلانی کوشتنی میر سلیمان دابڕێژێت و لە سەفەرەکەی بەغدا ژەهر خواردی بکات، بەڵکو خۆی دەسەڵاتی سۆران بگرێتە دەست و خانزاد لە خۆی مارە بکات! بەڵام خانزاد وێڕای هەست و خۆشەویستییە نهێنییەکەی بۆ لەشکری، بەڵام وەک پابەندبوونێکی ئەخلاقی و بە دووربینییەوە نهێنییەکانی پشت کوژرانی میر سلێمانی برای بۆ ئاشکرا بوو و بە بەرنامە و بە بێ شڵەژان و هەراوهوریا فەرماندە «لەشکری» خاوەن هێز و چەکداری، قۆڵبەست کرد و سەری لە لەشی کردەوە، بەڵام ئەمە کۆتایی پیلانگێرییەکان نەبوو لە دژی میری کوردان؟ بە داخەوە چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو شاژنە سەرکردەیە و

دەسەڵاتە خۆسەرییەکەی ئەماراتی سۆران، بە هۆی دەردی لە مێژینەی خۆخۆرییەوە بە تراژیدیا کۆتایی پێدیت! وەک چۆن کورد بە درێژایی مێژوو بە دەردی دووبەرەکی و نایەکگرتوویەوە ناڵاندوویەتی! وا ئەم جارەش یەکێک لە ئەماراتە سەربەخۆکانی کورد وەک شانازییەک شاژنێکی وەک خانزاد پێشەوایەتی دەکرد بە دەستی خۆمان رووخا و خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان بوو بە کەواسووری بەرلەشکری سەفەوی و بە پیلانێکی نامەردانە خانزادی میری سۆرانی بە برینداری تەسلیم بە سەفەوییەکان کرد، بەمەش بۆ چەندەیەمین جار ئەستێرەی بەختی کورد ئاوا بوو و کۆتایی بە دەسەڵاتی میری سۆران هات.

رۆمانی خانزاد دەچێتە خانەی ژانری رۆمانی مێژووییەوە و لەسەر شێوازی ریالیزمی مێژوویی نووسراوە، جوگرافیا یان کات و شوێنی رۆمانەکە شوێنێکی دیاریکراوی باشووری کوردستان و بە دیاریکراویی ناوچەی سۆران و رواندزە، زمانی گێڕانەوە، زمانێکی شیرین و جوان و رەسەن و خۆماڵییە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە، چونکە زمانە ناوچەییەکان بەهایان پێ نەدراوە، بەڵام نووسەر لە رۆمانەکانیدا تا رادەیەکی باش ئاوڕی لە زاراوە و بنزاراوەکان داوەتەوە.

خزمەتەکانی خانزاد میری سۆران لە کاتی دەسەڵات لە دەست بوون :

-دروست کردنی قەڵا لە سەر چیای هەریر.

- درووست کردنی قەڵای بانەمان.

- درووست کردنی سەر لە نوێی مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە لەگەڵ حوجرە لە سالی ١٥٣٩ زاینی.

- سەر پەرشتی کردنی قوتابخانەی ئاینی گوندی ماوەران.

- سەر پەرشتیاری مزگەوتی گەورەی هەریر لە هەمان کاتدا قوتابخانەی ئاینیش بوو لە هەریر.

- دروست کردنی مزگەوت و حوجرەی کۆڕێ.

- دروست کردنی مزگەوت و حوجرەی گوندی خەتێ.

- دروست کردنی مزگەوت و حوجرەی زیارەتی ملازادان.

- درووست کردنی قەڵای ئاوان لە گوندی شێتنێ لە سەر سنووری قەزای مێرگەسۆر لە ساڵی ١٥٩٥

- قەڵای ناحیەی باڵکایەتی.

- دروووست کردنی پردێک لە گەلی علی بەگ.

- دروووست کردنی چەندین شوێنی حەوانەوەی گەشتیاری لە شەقڵاوە و هیران و چیای سەفین و باتاس.

کاناڵی تەلگرامی: https://t.me/morkurd .

بەشی ناودارانی کورد: https://rukurdistan.net/nawdaran.php